عەبدولفەتاح سیسی داوایەک ئاراستەی ترەمپ دەکات



سەرۆکی میسر لەمیان لوتکەی بەغدا داوایەکی ئاراستەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا کرد لەبارەی ئاگربەست لەغەزە

ئەمە شەمە ، عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر لە ٣٤ـەمین لوتکەی عەرەبی رایگەیاند، دەبێت هەموو وڵاتانی عەرەبی لوتکەی بەغدا بکەنە خاڵی دەستپێک بۆ گەیشتن بە ئایندەیەکی گەش بۆ بەهێزکردنی یەکێتی عەرەبی و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە ناوچەکەیان بۆتا کردووە، لە پێش هەمووشیانەوە پرسی فەڵەستین.

باسی لەوەشکرد، دۆزی فەڵەستین بە مەترسیدارترین قۆناغی خۆیدا تێدەپەڕێت و جەختکردنی سیاسەتکانی برستی و بڕیشی کە بووەتە هۆی ئاوارەبوونی دوو ملیۆن فەلەستینی لە ناو کەرتی غەزە، تووشی وێرانکاریەکی بەرفراوان بووە.

وتیشی، میسر بۆ هەماهەنگی لەگەڵ قەتەر و ئەمریکا هەوڵی زیری داوە، بۆ گەیشتن بە ئاگربەست لە کەرتی غەزە و ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی یارمەتییە مرۆییەکان.

سیسی لە وتارەکەیدا داوای لە دۆناڵد ترەمپ، سەرکی ئەمریکا کرد کە نوێندگیری ئاگربەست لە غەزە بکات بۆ پشتیوانیکردن لە گەیشتن بە پرسی ئاشتی بەردەوام لە ناوچەکەدا.